# لێرە و لەوێ



## مۆبایلێکی هەرزان و کارا



خەلاتی پێشبرکێی CES Innovations Design and Engineering بۆ ساڵی ٢٠٠٧ درا بە بەرهەمێکی دووکارە لە بواری دروستکردنی Remote Controller. ناوی ئەم بەرهەمە Flip Universal Remoteە، کە بە هۆی دیزاینەرەکانی کۆمپانیای Jasco خراوەتە روو. ئەم کۆنترۆڵە دەتوانێت وەک کۆنترۆڵی ڤیدیۆ، تەلەفزیۆن و سەتەلایت بەکار بهێندرێت. هەروەها دەتوانرێت وەکو مۆبایلێکی رێک و بچووک بەکار بهێندرێت. دەشێ بوترێت نەبوونی شاشە لایەنێکی خراپی دارشتنی بێت بەڵام بوونی توانای تر وەکو مێمۆری دەرەکی ، هەروەها توانای بەستنەوە بە تۆری GPS ئەم کەم و کورتییە دادەپۆشن. ئەم بەرهەمە زۆر ناسک و جوان دارێژراوە کە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت. نرخی ئەم بەرهەمە ١٨,٩٩$ە. بەڵام هێشتا بە هۆی ئەوەی بە قۆناغەکانی تاقیکردنەوە تێدەپەرێت لە بازار دەست ناکەوێت.





## لاپتۆپێکی دزراو دزەکان ئاشکرا دەکات

لاپتۆپێکی جۆری Mac کە لە لایەن دوو دزەوە دزرابوو بووە هۆی دەستگیرکردنیان.

(ئەدمۆن شاهیکیان) و (تان فێریاس)، کە ماوەیەک پێش ئێستا لە ئەپارتمانێک دزییان کردبوو و کەلوپەلە دزراوەکان بەهاکەی دەگەیشتە پێنج هەزار دۆلار کە جگە لە لاپتۆپەکە بریتی بوون لە دوو تەلەفزیۆنی فلات، دوو ئایپۆد، ئەتاری، شتی تر. تاکو رۆژی سێشەممە یەکێک لە هاورێیەکانی ماڵدزراو پەیوەندی پێوە دەکات کە تۆ بە هۆی لاپتۆپەکەتەوە لەسەر هێلی (Online)؟

خاتوونەکەش کە زانی دزەکان بە هۆی لاپتۆپەکەیەوە لەسەر هێلن بریاری دا بە هۆی پرۆگرامی Back to my Mac بچێتە ناو لاپتۆپەکەیەوە، ئەم پرۆگرامە کە لە سیستەمی مەکینتاش کار دەکات رێگا بە خاوەنی لاپتۆپەکە دەدات چاودێری لاپتۆپەکەی بکات، بۆیە بە هۆی ئەم پرۆگرامەوە خاتوونەکە کامیرای لاپتۆپەکەی پێکرد و توانی وێنەی دزەکان بگرێت و بە هاوکاری پۆلیس دزەکان بدۆزێتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێن زۆربەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی لاپتۆپ ئەمجۆرە پرۆگرامانەیان هەیە بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر لە دزین.

سەرچاوە:

http://www.lohud.com/apps/pbcs.dll/article?AID=2008805090392

## کورتەیەک سەبارەت بە پێشانگای CES



CES کورتکراوەی International Consumer Electronics Show ە کە هەموو ساڵێک لە لاس ڤیگاس ساز دەدرێت و تیادا نوێترین بەرهەمەکانی ئەلکترۆنی لە گشت بوارەکانەوە نمایش دەکرێت. لێرە دەمانەوێ چەند نموونەیەک لە بەرهەمە پێشانداروەکانی ناو پێشانگاکە بخەینە روو.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە لە ویکی پیدیا بکە:

http://en.wikipedia.org/wiki/Consumer_Electronics_Show

ماڵپەری پێشانگە: http://www.cesweb.org

## کاخەزی ئەلکترۆنی کۆمپانیای LG و فیلیپس



كۆمپانیای LG و فیلیپس یەکەمین کاغەزی ئەلکترۆنی (E-Paper) خۆیان راگەیاند. ئەم کاغەزە ئەلکترۆنییە لە قەبارەی A٤ دروست کراوە وەک٠٠و کاغەزێکی ئاسایی دەنوشترێتەوە. ئەم کاخەزە کە لە راستیدا شاشەیەکی ١٤,٣ ئینجییە و بە ریزۆلەیشنی ١٢٨٠ بە ٨٠٠ پیکسلی. بە چۆنیەتی رەنگی ١٦,٧ملیۆن رەنگ و هەڵبەت بە ئەستووری تەنیا ٣٠٠ میکرۆمەتر. گۆشەی بینینی ١٨٠ پلەی تەواو.

## هەستم پێ بکە



سۆنی ئەریکسۆن مۆبایلێکی خستەروو بە تەکاندانی دەست دەکات بە گۆرانی گوتن. ئەم مۆبایلە کە مۆدیلی W760 ە. GPSی هەیە و کامیرایەکی ٣,٢ پیکسێلی لەسەرە و پشتگیری لە تەکنەلۆژیای HSDPA دەکات و دەتوانرێ میمۆری دەرەکی بۆ دابندرێت. ئەم مۆبایلە سەماعەی ستریۆی هەیە. سەرنج راکێشترین تایبەتمەندی ئەوەیە کە ئەم مۆبایلە خاوەن تەکنەلۆژیایەکی نوێیە بە ناوی SensMe (هەستم پێ بکە)

## بینینی یارییەکانی ئۆلەمپیک لە ئینتەرنێتەوە




بیل گیتس لە وتارەکەیدا کە لەم پێشانگەیە پێشکەشی کرد رایگەیاند کە ئەمساڵ یارییەکانی ئۆلەمپیکی چین بە دقەیەکی نزیک لە HD لە ماڵپەڕی NBC بڵاو دەکرێتەوە. بڕیارە کە ٣٦٠٠ کاتژمێر لە یارییەکان بە شیوەی راستەوخۆ لە ماڵپەڕی NBColympics بڵاو بکرێتەوە. ئەم ڤیدیۆیانە بە یارمەتی تەکنەلۆژیای Silverlight دەخرێنە بەر دەست. بیل گیتس ماوەیەک پێش ئێستا وتبووی پاش ماوەیەکی تر خەڵکی بەم تەلەفزیۆنانە پێدەکەنن.
وا دیتە بەر چاو بڵاو کردنەوەی یارییەکانی ئولەمپیک لە ڕیگای ئینتەرنێتەوە بە دقەیەکی بەرز یەکێک لە هەنگاوەکانی بە جێگەیاندنی ئەم ئامانجە بێت.
ماڵپەڕەکە: http://www.nbcolympics.com

## ئاوێنەی داوەی ئۆتۆمبێل بەGPS ەوە

ئەم ئاوێنەیە لە جۆری ئاسایی نییە و لە جیاتی ئاوێنەی ئاسایی شاشەیەکی LCD دانراوە کە بە هۆی کامێرایەک کە لە دواوەیە وێنەکان نیشان دەدات. بەڵام کاتێک GPSیکیش بۆ ئەم ئاوێنەیە دیجیتالییە زیاد بکەین شتێکی زۆر جوان و کارامە دەردەچێت. و ئەمە بەرهەمی کۆمپانیای DSUS ە کە بە GB-DS٤٠٠ ناو نراوە. بەشی ئاوێنەکە لە شاشەیەکی ٤ ئینجی پێکهاتووە کە وێنەکانی



دواوە بە دقەیەکی باش نێشان دەدات و لە تەکیشی GPS دانراوە کە شاشەکە لە جۆری لەمسە و بلوتۆسیشی هەیە کە دەتوانێ بە مۆبایلەوە ببەسرێتەوە و فایلە ڤیدیۆییەکانی پێ ببینن و هەروەها جووتە سەماعەی خاریجی. ئیتر چیتان دەوێ.